# ئاوێتەیی لیبرالیزم و دیموکراسی

ن: نۆربێرتۆ بۆبیۆ
و. لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

## بەشی ٧

ئەو ڕەگەزانەی یەکسانی کە پەیوەستن بە دەرکەوتنی دەوڵەتی لیبراڵەوە و ئێمەش لە بەشی پێشوودا باسمان لێکردن، هیچکامیان پێوەندییان بە یەکسانیخوازیی دیموکراتیکەوە نییە. یەکسانیخوازی دیموکراتیك پێویستی بە بەدیهاتنی ڕادەیەك لە یەکسانیی ئابوورییە، واتەئایدیالێک کە نامۆیە لەگەڵ ئەندێشەی لیبراڵدا.

ئەندێشەی لیبراڵ لە مێژووی خۆیدا، لەگەڵ یەکسانیی مافەکیدا دانی بە پڕەنسیپی یەکسانیی دەرفەتەکانیشدا ناوە. ئەم پڕەنسیپە، یەکسانیی تاکەکان لەمافی سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان دەستەبەردەکات، نەك ڕادەی ئەو سوودەی کە لەم دەرفەتانە وەردەگیرێن، کەواتا بەپێی ڕاڤەگەلی جۆراوجۆر کە دەشی لەسەر چەمکی یەکسانی و لیبراڵیزم و دیموکراسی بکرێت، ڕێگەی جیاوازیان گرتۆتەبەر و هەرلەم ڕووەوەیەکە سەردەمایەکی زۆر ئەم دوانەیان لە ململانێیەکی مێژوویی لەبەرانبەر یەکتردا داناوە. کەواتا لە چ مانایەك دا دەتوانرێ دیموکراسی بە پەرەپێدەر و بەدیهێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی لیبراڵ دابنرێت و ژمارەیەك لە حکومەتەکانی ئێستا بە (لیبراڵ- دیموکرات) ناودێربکرێن؟ پێویستە بگوترێ کە لیبراڵیزم نەک تەنیا لەگەڵ دیموکراسی سازگارە، بەڵکو لەوەش سەرتر، دەتوانرێ دیموکڕاسی وەک پەرەپێدەری سروشتی لیبرالیزم دابنرێت، بەومەرجەی کەمەبەست لە دیموکراسی لایەنی ئایدیالی و یەکسانیخوازانەکەی نەبێت، بەڵکو تایبەتمەندیی دیموکراسی وەك ئیداری بوون یان شێوازێکی سیاسی بێت و هەروەك پێشتر گوتمان ئەمە هەمان فەرمانرەوایەتی خەڵکە، فەرمانرەوایەتی خەڵك تەنیا کاتێك بەباشی بەڕێوەدەچێت کە زۆرینەی شارۆمەندەکان بەشداربن لە مافی بەشداری کردن ڕاستەو خۆ و ناراستەو خۆ لە بڕیارە بەکۆمەڵەکان یان بە گوتەیەکی تر مافی سیاسی تا ئاستی بەشداربوونی هەموان- ژن و پیاو- لە مافی دەنگداندا بڵاو بووبێتەوە، مافێك کەتەنیا بەمەرجی لانیکەمیی تەمەن( کە ئاساییەکەی هەمان تەمەنی یاساییە) سنووردار دەکرێت. هەرچەندە کە زۆریەك لە نووسەرانی لیبراڵ هەمەلاینە بوونەوەی مافی دەنگدان بە نابەوەخت و نەباش دەزانن و ئەگەر چی لەسەردەمی دەرکەوتنی دەوڵەتی لیبراڵدا تەنیا دەوڵەمەندەکان مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام مافی دەنگدانی هەمەلایەنە هیچ جۆرە دژایەتییەکی بنەرەتیی

لەگەڵ دەوڵەتی مافەکی یان دەوڵەتی کەمینەدا نییە. بەم شێوەیە، وردەوردە پێکبەستەیی دوولایەنەی نێوان لیرالیزم و دیموکراسی هاتەدی، جیاواز لەو راگەیانراوانەی دەوڵەتەکان پڕەنسیپەکانی خۆیانی تێدا رادەگەیەنن.

سەرەتا تەواو ئەگەری هەبوونی دەوڵەتێکی لیبراڵ، نادیموکراتیك لەئارادا هەبوو، بەلاّم ئەمرۆکە ئیتر دەوڵەتی لیبراڵی نادیموکراتیك و دەوڵەتی دیموکراتیکی نالیبراڵ مانایەکی نابێت چۆنکە بەکورتی دوو بەڵگەی باوەرپێکراو بۆ دانان بەم دوو خاڵەی ژێرەوە لەبەردەستدا هەیە. یەکەم ئەوەیە بۆ پارێزگاری لە مافەسەرەکییەکانی تاك، کە دەوڵەتی لیبراڵ پشتی پێ بەستووە، بەکارهێنانی شێوازە دیموکراتیەکان شتێکی پێویست و زەروورییە و دوو هەم ئەوەیکە جێبەجێکردنی شێوازە دیموکراتیکەکانیش خوازیاری پارێزگاری لەم مافە سەرەکییانەی تاکە.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم دەبێ بگوترێ کە باشترین گەرەنتیی پارێزگاری لە مافی ئازادی لە بەرانبەر هۆگرایەتیی فەرمانڕەواکان بۆ سنووردارکردن و سەرکوتی ئەو مافە لەراستیدا توانایی شارۆمەندەکانە بۆ بەرگریکردن لەو مافە لەبەرانبەر کەڵکاوەژۆ چاوەڕوانکراوەکان. ئەمڕۆکە گونجاوترین ڕێگەچارە لە بەرانبەر هەر جۆرە کەڵکاوەژۆیەك لە دەسەلاّتدا (مەبەست لە گونجاوترین ڕێگەچارە، ڕێگە چارەیەکی رەهاو بەتاڵ لەهەڵە نییە) بەشداری راستەو خۆ و ناڕاستەوخۆی زۆرترین ژمارەی شارۆمەندەکانە لە ڕێکخستنی یاسادا.

لەم روانگەیەوە، مافی سیاسی بەمەرجێکی سروشتیی مافی ئازادی دێتە هەژمار، بەشێوەیەك کە ئەم گوتەیەی یلینك (١٨٥١-١٩١١) (Georg Jellinek)یش بۆتە وێردی زمانی هەموان: مافی بەشداریی چالاکانەی شارۆمەندان(iura activae civitatis) باشترین گەرەنتییە بۆ مافی ئازادی و مافی شارۆمەندی، (iura libertatis et civitatis) لەحاڵێکدا لە حکومەتێکدا کە لەسەر بنەمای حاکمیەتی خەڵك نەوەستاوە، تەنیا گەرەنتیی مافی ئازادی و مافی شارۆمەندی لەراستیدا هەمان مافی سروشتیی شارۆمەندانە بۆ بەرهەڵستبوونەوە لەبەرانبەر ستەمدا.

سەبارەت بە خاڵی دووهەمیش، شایانی باسە کە لێرەدا باس لە پێویستبوونی دیموکراسی بۆ مانەوەی دەوڵەتی لتبراڵ نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە ئەگەر پڕەنسیپی سەرەکی جێبەجێکردنی راستەقینەی دیموکراسییە، مافە پێشێلیەهەڵنەگرەکانی تاك بەرەسمی بناسرێت و هەروەها دەبێ ئاماژە بکرێتەوە کە بەڕێخستنی هەڵبژاردنەکان تەنیا کاتێك بەمانای بەکارهێنانی کاریگەر و شیاوی دەسەلاتی سیاسی شارۆمەندانە(واتا توانایی کاریگەری خستنەسەر دەرکردنی بڕیارە بەکۆمەڵەکان) کە ئەو دەنگانەی خەڵك دەیخەنە ناو سندووقی دەنگدانەو، دەنگی ئازادبن. بەگوتەیەکی گشتیتر، گشت دەنگدەرەکان بەشداربن لە ئازادی بیرکردنەوە و چاپەمەنی و کۆبونەوە و رێکخراوە و گشت ئازادییە زاتییەکانی دەوڵەتی لیبراڵ، ئازادیگەلێك کە پێشمەرجی پێویستن بۆ بەشداری راستەقینە، نەك رۆڵ گێڕانی شارۆمەندەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

بەم شێوەیە،ئایدیالە لیبراڵییەکان و شێوەازە دیموکراتیکەکان وردە وردە تێکدەهاڵێن و هەروەك لەهەمان سەرەتاوە مافی ئازادی مەرجێکی پێویست بوو بۆ جێبەجێکردنی دروستی رێساکانی گەمەی دیموکراتیك. پێشکەوتنی دیموکراسیش لە درێژەی مێژووی خۆیدا بۆتە

ئامێرازی سەرەکی بۆ بەرگری لە مافی ئازادی. ئەمڕۆکە تەنیا ئەو دەوڵەتانە دیموکراتیکن کە لە دڵی شۆرشە لیبراڵیستییەکانەوە دەرچوون و هەروەها تەنیا لەو دەوڵەتانەدایە کە مافی مرۆڤ دەپارێزرێت. لە جیهانی ئێستادا هەر دەوڵەتێکیدەسەڵاتخواز authoritarian دژە لیبراڵ و هەروەها دژە دیموکراتیکیشە.